# تۆپۆگرافیای شیعریی لە دەقەکانی (دلاوەر قەرەداغی)دا

**ID No.82**

(PP 223 - 236)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.6.12

**محەمەد ئیبراهیم حەمە**

بەشی کوردی-کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی ڕاپەڕین

hemdad.bakir@su.edu.krd

**هیمداد حوسێن بەکر**

بەشی کوردی-کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

mohammed.ibrahim.kar@gmail.com

**وەگـــــــرتن : 2020/09/07**

**پەسندکردن : 2021/09/28**

**بڵاوکردنەوە : 2021/12/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (تۆپۆگرافیای شیعریی لە دەقەکانی دلاوەر قەرەداغی)یە، وەک ئاشکرایە تۆپۆگرافیا وەک یەکێک لە بنەما هونەریەکانی شیعر، ڕۆڵێکی گەورەیی لە بنیاتنانی دەقی ئەدەبی لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا هەیە، تۆپۆگرافیا وەکو بنەمایەکی گرنگی هونەری کەمتر توێژینەوەی لە بارەوە کراوە؛ بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندن و نیشاندانی تۆپۆگرافیا و جۆرەکانی لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغیدا، لە دەرئەنجامدا هەوڵدراوە ئاستی بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی تۆپۆگرافیا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە لەلای شاعیر دەست نیشان بکرێت.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە ناساندن و تایبەتمەندییەکانی تۆپۆگرافیا کراوە، لە تەوەری دووەمیشدا باس لە پراکتیزەکردنی جۆرەکانی تۆپۆگرافیا لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغیدا کراوە، لە کۆتایشدا بە کۆمەڵێک ئەنجام کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

**کلیلی وشەکان:** تۆپۆگرافیا، تایبەتمەندییەکانی تۆپۆگرافیا،دەقی شیعری،دلاوەر قەرەداغی.

## پێشەکی

تۆپۆگرافیا وەک ڕەگەز و بنەما و بنچینەیەکی هونەری، دەکرێت لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا بەرجەستە ببێت، بێگومان لەڕێگەی دەرخستن و نیشاندانی ئەم بنەمایەوە چێژ و جوانی و سەرنج ڕاکێشان پەخش دەبێت و ئاستی هونەری و بەهای دەق بەرز دەبێتەوە، کەواتە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی تۆپۆگرافیا لە شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی) دا، لەم توێژینەوەیەدا جۆرەکانی تۆپۆگرافیا وەرگیراون، بەمەبەستی زانینی ڕێژەو ئاستی بەکارهێنان و ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری دەقەکاندا.

### ناونیشانی توێژینەوە

بریتییە لە (تۆپۆگرافیایی شیعریی لە دەقەکانی دلاوەر قەرەداغی)دا، هەوڵێکە بۆ نیشاندانی تۆپۆگرافیا لە شیعری دلاوەر قەرەدغیدا.

### گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە کەلێنێکی دیکە لە ناتەواوییەکانی بنەما هونەرییەکان بە گشتی و توێژینەوە لە شیعرەکانی شاعیر بە تایبەتتر پردەکاتەوە، چونکە جەختی لەسەر خستەڕوو و ناساندنی  بنەما هونەرییەکان کردووەتەوەو هەوڵیداوە بنەما  تایبەتی و وردەکارییەکانی بەشێوەکی زانستی لە شیعرەکاندا بخاتەڕوو.

ڕێباز و کەرەستەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پێڕەوکراوە، لە چوارچێوە بەرهەماکانی دلاوەر قەرەداغیدایە،  بە جۆرێك لە دوای کۆکردنەوەی کەرەستەکان بە شێوەیەکی تیۆری بابەتەکانمان خستۆتە ڕوو، بە جیا لە ڕوانگەی ڕاوبۆچوونی زانایانی ئەدەب و ئەو توێژینەوانەی لە بارەیانەوە نووسراون، ڕوونکراونەتەوە، دواتریش بە پێی پێویستی ئەو بابەتانە، نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە.

**پرسیاری توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە، تۆپۆگرافیا چییە؟ تایبەتمەندییەکانی تۆپۆگرافیا چین؟ شاعیر تا چەند لە بەرجەستەکردنی جۆرەکانی تۆپۆگرافیا سەرکەوتوو بووە؟ ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو بنەمایە چەندە؟ پێوەندی و کاریگەریی تۆپۆگرافیا بەدەقی ئەدەبییەوە چییە؟

ناوەرۆکی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو تەوەر پێکهاتووە.

**1. ناساندن و تایبەتمەندییەکانی تۆپۆگرافیا**

**1ـ 1. چەمک و زاراوەی تۆپۆگرفیا**

زاراوەی (topographya) لە وشەی (topography ) ئینگلیزی وەرگیراوە کە بە مانای زانستی ڕوخساری زەوی، نەخشەی بەرزی و نزمی زەوی بەکاردێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم زاراوەیە بۆ مانا و مەبەستی جیاواز بەکارهاتووە و دەکرێت، ئێمەش بۆ وەسفی ڕووی دەشتایی لاپەڕەکانی کتێب بەکاری بێنین.(شەوڕۆ، 2015: 98)، واتا ئەم زاراوەیە (topography) لە بنچینەدا لە جوگرافیادا بەکارهاتووە بە واتایی وەسفکردنی شوێن دێت، بەڵام بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەئەدەبی کوردیدا بەمانای شێوازی نووسینی دەق دێت لەسەر پەڕەی شیعری.

ئەم جۆرە شیعرە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا پێیَ دەگوترێت(شیعری وێنەیی یاخود شیعری کۆنکرێتی، یان شیعری بینراو، یان بەرجەستەیی، ئەلکترۆنی)، کە بە زمانی ئینگلیزی و ئەوروپایی گەلێک ناویان لێناوە لەوانە( calligrame, Imagist, Visual, Optic, spatialsed, Picturial Poetry, Concrete Poetry) لە زمانی عەرەبیشدا(الشعری المرئی ، البصری، التشکیلی، الالکترونی، الصوری) پێدەوترێت. (پیربالْ، 2005: 105).

ئەگەر بمانەوێت پێناسەی تۆپۆگرافیا بکەین، دەبێ بپرسین تۆپۆگرافیا چییە؟ تابەتمەندییەکانی چین، جیاوازی تۆپۆگرافیای کۆن و نوێ چییە؟ بێگومان تۆپۆگرافیا لایەنێکی گرنگ و ڕەگەزێکی بنچینەیی ڕوخساری شیعری داگیر کردووە، ئامڕازێکە یان هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دیاریکردنی شیعری کۆن و نوێ، بە جۆرێک ((لە شیعری کلاسیکی شیعر بە شێوەی ستوونی هەموو ڕووبەری لاپەڕەی دادەگرت واتە ڕەشێتی زیاتر بوو لە سپێتی))(کاک ئەمین، 2008: 191)، ئەمەش واتا شاعیرانی کلاسیک وەك قاڵبێکی دیاریکراو و ستونی پەیڕەوییان دەکرد و پابەندی ڕێسا کۆنەکانی ڕوخسار و فۆڕمی شیعری بوون، بەڵام شاعیرانی نوێ لە بنیادنان و ڕێکخستنی قەسیدەی نوێدا، بە ئاسۆ و تێڕوانینێکی تازە و جیاواز فۆڕمی ڕوخساری شیعرییان بەرجەستە کردووە.

ئەمەش واتا ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر شیعری کلاسیکیدا هات گۆڕانکاری گەورە و گرنگ بوون، بۆ نموونە ((قالبی هەڵبەستی کۆن (قەسیدە، غەزەل، پێنج خشتەکی، چوار خشتەکی، تەرکیب بەند و تەرجیع بەند..)بوو، لە کاتێکدا قالبی هەڵبەستی تازە ئەگەر لیریک غینائی بێ پارچەیەکی کورت یان درێژ دەبێت، کە پێکهاتووە لەژمارەیەک بەندی دوو دێڕی یان 3، 4، 5، 6 ...بە گەلێ جۆری جیاواز پێکەوە دەبەسترێن، لە هەڵبەستی تازەدا وێنەی قالبی دراماتیکی هەیە، کە لە هی کۆنا نییە))(حوسێن، 2007: 270)، ئەمەش واتا شاعیرانی تازە هەنگاو بە هەنگاو وازیان لە قالبە کۆنەکان هێنا، کە بریتی بوو لە چەند قالبێکی کۆن و سواو، کە چەند دێڕێکی بەرامبەر یەک یاخود چەند دێڕێکی یەک لەدوای یەک دەنووسران و بەڵام دواتر ((شاعیری نوێ لەجیاتی بەیت بە ئارەزووی خۆی تەفعیلەی بەسەر ڕووی کاغەزدا دابەشکردووە))،(بەرزنجی، 1999: 185)، دواجار ئەم گۆڕانکارییانەش لە سەرەتادا گۆڕانکاری لە شێوەی نووسینی شیعری بووە و دواتر هەنگاو بە هەنگاو بوونە سەرەتا و دەستپێشخەر بۆ ڕەچە شکاندنی ئەم قالبانە و خەریکی بنیاتنانی قالبی تازەبوون.

واتا لە شیعری نوێدا ڕووبەری شیعری گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینی و شاعیران سەربەست بوون لە سیما و ڕوخساری شیعرەکانیان لەسەر ڕووبەری پەڕە، کورتی و درێژی دێڕە شیعریش بە پێی خواست و ویستی شاعیرە و ئەمەش واتا ((لە شیعری نوێدا ڕێژەی سپیەتی و ڕەشایەتی گۆڕاوە، ئەوەش زیاتر پابەند نەبوونی شاعیرە بە چوارچێوەیەکی دیاریکراو تا بەهۆیەوە زیاتر ڕوو لە جوانی شیعر بکات، واتا لەگەڵ نووسینی شیعرەکە جۆرە جوانییەك لە مێشکی خوێنەر بچەسپێنێت، ئەو بێزارییەی لە شیعری پێشتردا هەبوو بیرەوێنێتەوە)) (کاک ئەمین، 2010: 74). لەم ڕووەوە و بۆ نەخشاندنی ئەم جوانییەش پێویستە سوود لە وێنەکێشان و نیگارکاری وەربگیرێت، لە ڕێگەی دروستکردنی قاڵب و فۆرمی تازە، کە لە شیعری سەربەستدا دەرگا واڵاکراوە بۆ ئەم جۆرە نووسینە.

یەکیک لە خەسڵەتەکانی بینینی مرۆڤ ئەوەیە، کاتێک مرۆڤ سەیری دیمەنێکی دیاریکراو دەکات، کۆی دیمەنەکەی دێتەبەرچاو، نەک بەش و پارچە، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بڕوانینە پەڕو باڵەکانی تاوسێک، ئەوا ئێمە ناتوانین بینینمان دابەشبکەین و هەر تەنها پەڕ و باڵەکان ببینین، بە واتایەکی دیکە مرۆڤ تەماشای هەموو بەشەکانی دیکەی تاوسەکە دەکات، وەک بەشێکی لێکدانەبڕاو دەیبینێ؛ بۆیە تەماشا و سەیرکردنی دێڕێکی دەقی ئەدەبی، کۆی ڕوخسار و تۆپۆگرافیای دەقەکە دەبینرێت.

شاعیرانی نوێ بە هۆی ئەو دابەشبوونە تازەیەی ڕوخساری شیعر توانیویانە هەست و بیر و یادەوەرەکانیان بەشێوەیەکی تازە و هونەری جوان نیشان بدەن، هەر لە ڕێگای ڕوخسار و تۆپۆگرافیاشەوە ڕوانینە تایبەتییەکانیان، کە مەبەستمان لە شێوازی ڕیزکردن و بەدوای یەکدا هاتنی وشە و گرێ و ڕستەکانە دەخەنە ڕوو، کەواتە کاتێک دەمانەوێت پێناسەیەک بۆ شتێکی دیاریکراو بکەین یان دەستەواژە و ناونیشانێک پێناسە بکەین، ڕەنگە کارێکی ئاسان نەبێت و نەتوانین ئامانجەکە بپێکین، چونکە بۆ هەر ناونیشانێک چەندان کەس هەن، کە پێناسەی جیا جیایان بۆ کردووە، یەکێک لەتوێژەرەکان تۆپۆگرافیا ئاوا دەناسێنێت و دەڵێت: ((بریتییە لەو دابەشبونە نوێیەی کۆپلە و بڕگە و دێڕەکان بەسەر ڕووبەری لاپەڕەدا، واتا گۆڕانی تۆپۆگرافیای تێکستی شیعری ئەم گۆڕانکارییەش، کە بەسەر ڕوخسار و شێوەی شیعردا هاتووە، وایکردووە کە شیعری هاوچەرخ زیاتر لە نیگار و وێنە نزيك بێتەوە)) (پیرباڵ، 1996: 4) بەم پێودانگە تۆپۆگرافیای شیعری بریتیی دەبێت لە ڕوخساری دەرەوەی پەڕەی شیعری و شێوازی دەرکەوتن و نمایشکردنی شیعرە لە سەر پەڕە، کە جۆرێک لە جوانکاری بە ڕوخسار بەخشیوە و زیاتر لە شیوەی نیگار و تابلۆ دەردەکەوێت.

مەبەست لە تۆپۆگرافیا واتا لادان لە شێوەی نووسین ئەمەش ((واتە لادانە لە هەموو شێوە باو و کۆنەکانی نووسینی شیعرە، بە بەکارهێنانی هەندێک تەکنیک و گۆڕان لە شێوەی نووسین و بەخشینی ئەدگارێکی تایبەتی بە شیعر، بە جۆرێک لەگەڵ زەینینی دا هەستی بینینیش بەشداربێت لە چێژ وەرگرتن و بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای دەقەکە))(ئەحمەد، 2013: 213)، وەک لەم پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی دەق پێویستە گۆڕانکاری لە شێوازی نووسین بکرێت بە جۆرێک نوێگەری تێدا بکرێت، کە پێشتر نەکرابێت و هەستی بینینیش بەشدار بێت.

توێژەرێکی دیکە دەربارەی تۆپۆگرافیای شیعری کۆن و نوێ دەڵێت: ((ئەگەر شیعر زیاتر ڕەشایەتی بێ لەسەر کاغەز، ئەوا جۆرە ناخۆشی و جەنجاڵییەك لە مێشکی خوێنەردا دروست دەبێ، شیعرەکە چێژی هونەری نابێت، هەربۆیەش شاعیران ئەم جۆرە بیرکردنەوەیان بە جوانی دەنواندن و پەیڕەوییان کردووە و کردیان بە یەکێك لە خاسیەتەکانی شیعری نوێی کوردی)) (کاک ئەمین، 2008: 192)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تۆپۆگرافیای شیعری نوێ بریتی دەبێت لە پێدانی حاڵەتێکی گونجاوی پڕ لە جوانکاری و ئیستاتیکا بە جۆرێک چێژ و ئارامی و ئاسوودەیی بە خوێنەر و بینەر بگەیەنێت، واتا بۆ ئەوەی ڕوخساری نوێ چێژ ببەخشێت، پێویستە دەستکاری ڕەشیەتی پەڕە بکرێت.

توێژەرێکی دیکە دەربارەی گۆڕانکاری و شێوەی تۆپۆگرافیای شیعری نوێ دەڵێت: ((جوگرافیای دەقی شیعری نوێ لە سەرەوە دەست پێدەکات بەرە و خوارەوە، لەسەر شێوەیەکی شاقووڵی، مەرجیش نییە بە یەك شێوە و وێنە بەرەو خوارەوە بکشێت، یان لەسەر یەك جۆر ئاسۆیی ڕێبکات، ئەشێت لە شوێنێکدا بەرز بێت و لە شوێنێکدا نزم بێت، لە شوێنێکدا چاڵ بێت و لە شوێنێکی دیکەدا تۆپز بێت، لە شوێنێک دا دەشت بێت و لە شوێنێکی دیکەدا دۆڵێک یا گردێکی تیا بەدی بکەین)) (بەرزنجی، 1994: 32)، بە وردبوونەوە لەم تایبەتمەندییە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە تۆپۆگرافیا شیعری بریتی دەبێت لە هەر شێوە و کڵێشەیەک، کە لەسەرەوە دەست پێدەکات، کە دەکرێت بە هەر جۆرە هونەر و شێواز و وێنەیەک لەسەرەوە بۆ خوارەوە بکێشرێت و بڕازێنرێتەوە و بە جۆرێک شێوەی دەرکەوتنی سیحرێکی وای تێدا بێت، کە حەز و ویستی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین تۆپۆگرافیا بریتییە لە دابەشبووێکی تازە و سەرنجڕاکێش بۆ دێڕە شیعرەکان و دەربڕینەکان، بە سەر ڕووبەری پەڕەدا، کە مانای دروست و شیاو بە وشەکان دەدات لە شوێنی گونجاوی ناو دەقی شیعری، کە جوانی و ڕازاوەییەکیش بە شیعرەکە و چێژێکیش بە خوێنەر دەبەخشێت.

لەلایەکی دیکەوە لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا بە تەنها ڕێکخستن و دانانی وشەکان و دابەشکردنیان بەسەر پەڕەدا مانا و مەبەست نادات بەدەستەوە، بەڵکو سپیەتی پەڕەش تەواوکەری دەق و مانا و مەبەستەکانی شیعرە؛ بۆیە سپێتی پەڕە و وشە و ڕستە تەواو نەکراوەکان دەبنە دەروازەیەک، کە خوێنەر لێیەوە تێڕامان و تێفکرین و تەواوکاری بە ئەنجام دەگەیەنێت.

پێناسەیەکی دیکەدا (یۆری لۆتمان) دەربارەی تۆپۆگرافیا شیعری یاخود شیعری کۆنکرێتی دەڵێت: بریتییە لە ((دیمەنێکی دیتەنی و بینراو هێز و جوانییەکی نوێ دەبەخشێتە بونیاتی شیعر و چاوی خوێنەر زاخ دەدات و سەرەنجی ڕادەکێشێ بۆ ئەو ئاسۆ و پانتاییە فراوانە شێوەکارییەی، کە لە ڕوانینێکی شاعیرەکەدا هەیە))(دەشتی و سعید، 2017: 165)، ئەمەش واتا تۆپۆگرافیای شیعری

بریتییە لە جوانییەک و ئیستاتیکایەک، کە سەرنجی خوێنەر و بینەر بۆ لای شێوەی تۆپۆگرافیاکە ڕادەکێشێ، لەم ڕێگەیەوە پەیام و مەبەستی شیعری خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێت.

توێژەرێکی دیکە دەربارەی پێناسەی تۆپۆگرافیای شیعری نیگارکاری، کە جۆرێکە لە تێکەڵکردنی هونەری نیگارکێشان و شیعر دەڵێت: ((ئەو دەقە شیعریانەن، کە لە تێکەڵاوکردنی وشە و وێنە و هێڵ و شێوەی جیۆگرافی و دابەشبوونی بەسەر وەرەقەدا پێکدێت، واتا نزیک بوونەوەی دوو جیهان یەکیان جیهانی پیت و ئەویتریشیان جیهانی هێڵ و وێنە))(عبدالله، 2006: 53)، ئەمەش واتا دابەشکردنی وشە و مۆرفیمەکان بە شێوەی جۆراوجۆر و دروستکردن و بنیاتنانی وێنە لەسەر ڕووبەری پەڕە.

توێژەرێکی دیکە ئاوا پێناسەی شیعری وێنەیی دەکات و دەڵێت: یاخیبوونێکە بەسەر فۆڕمی شیعری پێشتر، لەم جۆرە شیعرەدا پیتەکان وەکو نەخش و زەخرەفە بەسەر پەڕەدا بڵاو دەبنەوە، کە جاری وا هەیە وێنەی شتێک نیشاندەدات، کە شاعیر مەبەستێکی خۆی هەیە، کە شاعیر بە مەبەست وادەکات، تاوەکو شیعرەکە وەکو تابلۆیەک سەرنجی خوێنەر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، کە بۆ گەمەکردن و ئیستایکا و یاخیبوون ئەم فۆڕمە بەکاردێنێ.(مەنتک، 2011: 111)، واتا شاعیر بە ئامانج و مەبەست تابلۆ و وێنە لە تۆپۆگرافیایی هەمەجۆردا دەنەخشێنێت.

کەواتە دەتوانین بڵێین: نووسینی وێنەیی یاخود شیعری وێنەیی: بریتییە لە تابلۆیەک لە نووسین و نیگار، کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، کە ئامانج لێی چێژ و ئیستاتیکای دەقی ئەدەبییە، واتا ئەم شیعرە بە زمانی هێڵ و وێنە بۆمان دەدوێت و دەتوانین بڵێین ڕاستگۆترین وێنەیە، کە هەموو مرۆڤێک تێیدەگات، دوای سەرنج دەدەین لەم شیعرە هەستی بینین تیایدا بەشدارە و بە تێڕامان و بیرکردنەوە لە وێنەکە ماناو مەبەستی شیعرەکەمان دەست دەکەوێت، بەهرەمەندی و لێهاتووی شاعیریش دەردەکەوێت، بێگومان ئەم جۆرە شیعرە بە خواست و ویستی شاعیر بە پێی جۆری تابلۆ و وێنەکە، شاعیر دەستکاری تۆپۆگرافیایی شیعر دەکات.

**2ـ1. تایبەتمەندییەکانی تۆپۆگرافیا**

ئەگەر تەماشای هەر دیاردە و بابەتێکی ئەدەبی یان زانستی بکەین، ئەوا بۆ چەند ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو بنیاتنراوە، بە واتایەکی دیکە چەند ڕۆڵ و ئەرکێک جێبەجێ دەکات، تۆپۆگرافیاش وەک هونەرێکی شیعری، چەند ئامانج مەبەست و تایبەتییەکی گرنگی هەیە، کە بەشێکیان لە سەرچاوەکاندا باسکراون، دەتوانین بڵێین گرنگترین تایبەتییەکانی ئەمانەن:

1. یەکێک لە تایبەتمەندییەکی تۆپۆگرافیا گرنگیدان و جەختکردنە لە ڕوخسار و دیوی دەرەوەی شیعر، کە مەبەست لێی ڕووبەر و قەبارەی پەڕەی شیعرە.
2. تایبەتییەکی دیکە ئەوەیە ئەو خوێنەرەی، کە ئەدەب و شیعر لە ناخیدا هەڵقووڵاوە لە ڕێگای تۆپۆگرافیای شیعرەکەوە شێوازی نووسینەکەی بە مانا ڕاستەقینەکەی دەگات و چێژی لێدەبینێت.
3. ئەرکێکی دیکە تازەگەری و جوانکاری شیعری وێنەییە،کە لە گەلێك ئاستی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێت، لەوانە دەرخستنی توانای پلاستیکییەتی خەت و وشەکان لەکاتی نووسینەوەیان یان دابەشبوونیاندا بەسەر ڕووبەری پەڕەدا.(پیربال، 2005: 105).
4. تایبەتمەندییەکی دیکە تۆپۆگرافیا بیرو هۆشی خوێنەر دەجووڵێنێت و وا لە خوێنەر و بینەر دەکات، جۆرە نیگایەك و تابلۆیەکی جوان ببینێ و هەست بە ڕازاوەیی دەقە ئەدەبییەکە بکات.
5. تایبەتمەندیەکی دیکەی تۆپۆگرافیا هاندانی شاعیران و نووسەرانە بۆ وێنە کێشانی خەیاڵی، کە دواجار ئەم وێنەیە وەک وێنەکێشانی هونەرمەندێکە.
6. کار و ئەرکێکی دیکەی تۆپۆگرافیا بریتییە لە ڕازاندنەوەو دەرەوشاندنەوە، بەجۆرێک بۆشاییە سپییەکە وەک جەمسەرێکی سەرەکی دەقەکە دەور و ڕۆڵ بگێڕێت لە نیشاندانی جوانی و سەرنجڕاکێشان و تەواو کردن و تۆکمەکردنی واتا و وێنەکانی ناو دەقەکە.(الرواشدة، 2005، 265)
7. ئامانجێکی دیکەی تۆپۆگرافیا پڕکردنەوە و داپۆشینی ئەو کەلێنەیە، کە لە نێوان خوێنەر و شاعیردا دروست بووە و دەرکەوتووە، لەهەمانکاتدا گۆڕین و گەشەسەندن و بەهادارکردنی نووسینە بە وێنەیەکی بەرز و جوانکارییەکی نموونەیی.
8. تایبەتمەدیەکی تۆپۆگرافیا ((تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی سێ بنەمایە ئەوانیش: قەوارەیەکی زمانەوانی و ئەدگارێکی پێکەوە لکاو لە نێوان وشەو وێنەداو سیمایەکی ئایکۆنی و ڕەمزیە،کە شوێن و فەزا و ئەندازەی پێکەوە لکێنراوە، واتا کات و شوێنی بە یەکەوە کۆکردۆتەوە))(دەشتی و سعید، 2017: 171).

9. گرنگیەکی دیکەی تۆپۆگرافیا سوود وەرگرتنە، لە هونەرەکانی شێوەکاری و بەکارهێنانی زۆرترین ئەزموونە و نامۆبوونە لەسەر کاغەز(بەرزنجی، 1994: 31).
10. تایبەتمەندییەکی دیکەی تۆپۆگرافیا ڕەتکردنەوەی سیستەمی بابەتی لۆژیکی یان سۆزدارییە، کە لەوانەیە ئەم ڕەتکردنەوەیە بگاتە ڕادەی شکاندنی سیستەمە سینتاکسییەکان، لەپێناوی تەقاندنەوەی توانا ئەفسونییەکانی دەنگی وشەکانە، کە ئەمەش لەتکردنی ڕستە و وشەکان و بڕگە کردنیان و دابەشکردنیانە بە سەر پەڕەدا. (حسێن، 2008: 99).
11. ئامانجێکی دیکە لەمەبەستەکان یاریکردن بە وشە و جوانی و سەرنجڕاکێشانە.
12. تایبەتمەندییەکی دیکەی تۆپۆگرافیا وەرگر ناتوانێت ناخی دەق بخوێنێتەوەو بچێتە قوڵاییەکانی، تا بە شێوەیەکی گشتی وێنە سروشتییەکەی نەنوێنێت، چونکە ڕستە و شوێنەکەی بە دوور لە زمانەوانی جیا ناکرێتەوە، نە لە واتا زمانەوانییەکان، نە پێکهاتە دەنگی و فەرهەنگی و ئاوێتەییەکانی، بەڵکو ئەو هێما نازمانەوانیانە بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی دەقەکە لە ڕووی دەربڕین و ئاوێتەییەوە دەبێتە مایەی بەرجەستەکردنی پایەی وتاری شیعری نوێ و پەیوەندییەکی بەهێزی دەبێت لەگەڵ واتاداری. (کاک ئەمین، 2010: 74-75).
13. ئامانجی هەرە دیاری تۆپۆگرافیای شیعری بەشداری پێکردنی چاو و هەستی بینینە لە پرۆسەی ئاراستەکردن و گەیاندنی دەقی شیعریدا، سەرەڕای بەشداریکردنی هەستی بیستن.(ئەحمەد، 2013: 212)
14. تایبەتمەندییەکی دیکە گرنگیدانە بە دروستکردنی کۆنتراست و هاوئاهەنگی جۆراوجۆر لە نێوان خەتەکان و ڕەشاییەکان و سپیایەتی فراوانی ڕووبەری تێکستەکە و لێک هەڵوەشاندنەوەی گۆڕینی بۆ بەش و کۆپلە و بڕگەی جۆراوجۆر، کە شەقڵێکی شێوەکاریانەی جوان دەبەخشن، جگە لە دروستکردنی ڕوخساری ئەندازەیی و ئارایشتکردنی شێوازەکە.(پیرباڵ، 2005: 105).
15. ئامانجێکی دیکەی تۆپۆگرافیا وەرگرتنی چێژە لە ڕێگەی چاو و گوێوە، ئەمەش واتا بەشداریکردنی هەستی بینین و بیستن لەلای خوێنەر.
16. گرنگیەکی دیکەی تۆپۆگرافیا کۆکردنەوە و تێکەڵاوکردنی هونەرە جوانەکان بەتایبەت خۆشنووسین و نیگارکێشان لەگەڵ شیعردا.

**2. پراکتیزەکردنی جۆرەکانی تۆپۆگرافیا لە شیعرەکانی دلاوەر قەرەداغیدا**

تۆپۆگرافیا وەک هەر دیاردە و فۆڕمێکی شیعری، پێوەندی بە بەشەکانی دیکەی شیعرەوە هەیە، کە هەر بەشێک لەم بەشانە تایبەتمەندی و سیمای تایبەتی خۆی هەیە، تۆپۆگرافیاش وەکو چەشن و بنەمایەکی ئەدەبی و شیعری، تایبەت نییە بەژانرێک و بوارێک، بەڵکو بووە بە پێویستییەک و وەک سیمایەکی جیاکەرەوەی ژانری ئەدبی تەماشای دەکرێت، کە ناکرێت لێ جیاببینەوە و پشتی پێنەبەستین؛ بۆیە ئێمە زۆرجار بە ئاسانی و بە سەلیقەوە،دەتوانین بە هۆی تۆپۆگرافیاوە ژانرێک لەژانرێکی دیکە یاخود شیعرێکی کلاسیک لە شیعرێکی نوێ و هاوچەرخ جیا بکەینەوە، زۆرترین بەکارهێنانی ئەم هونەر و ڕەگەزەش لە شیعردایە و وەک سیمایەکی شیعری تەماشای دەکرێت؛ بۆیە تۆپۆگرافیا ڕۆڵێکی مەزن و ڕۆشنی هەیە لە بەرززاگرتن و ئارایشتکردنی سیمایی شیعری و ڕازاندنەوەو پێدانی واتا و وێنە بە وشە، کە شاعیران لە کاتی نووسیندا بۆ جوانکردنی سیمای دەقەکە پەنای بۆ دەبەن.

گۆڕانکاری لە تۆپۆگرافیای شیعریی، کە لادانێکی شیعرییە و بە یەکێك لە جوانکارییە ئەدەبییەکان دادەنرێت، کە زۆرجار ئەم جوانییە لە ناخ و ناوەڕۆکی ئەدەبییەوە هەڵدەقووڵێت و ڕوخسار و سیمای دەقی ئەدەبی دەڕازێنێتەوە و جوانی وشە و دەربڕینەکانی ناو شیعرەکە نیشاندەدات و ئەم جوانییەی کە لەناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکەدا هەیە جوانتری دەکات،بەو واتایەی هەموو هەوڵ و ماندوبوونەکانی نووسەر و شاعیر لەم شێوازەی دابەشبوونی وشە و ڕستە و گرێکاندا بە دیار دەخات، کە ئەرکی سەرەکی زیادکردنی سپیایەتی و ڕازاندنەوە و ئارایشت کردنی دەقی شیعرییە. کەواتە لێرەدا زیادکردنی سپیەتی پەڕە هەر تەنها مەبەست لێی گۆڕانکاری نییە، بەڵکو ئەم گۆڕانکارییە دەرهاویشتەی کۆمەڵێك کۆت و بەندە، کە شیعر و جوانی و چێژیان تەوق کردبوو، شاعیران بەم ڕەچە شکێنییەیان توانیان گۆڕانکاری لە تۆپۆگرافیای شیعری بکەن.

شاعیریش هەوڵی داوە پەڕەی نووسین بە باشی بەکاربهێنێت و وا لە خوێنەر بکات هەر بە بینینی پەڕەی شیعری چێژێك ببەخشێت و ببێتە تابلۆ و نیگارێك لە بەردەم خوێنەردا و لەهەمانکاتدا دوور بکەوێتەوە لە شێوەی کۆن و کلاسیکیەکە.

شاعیرش وەک شاعیرێک و شێوەکار و شانۆکارێک گۆڕانکاری لە ڕووبەری تۆپۆگرافیای شیعری دەست پێکرد و ڕووبەری سپیایەتی لەسەر ڕووبەری پەڕە زیاد کرد، لەدەرئەنجامیشدا توانی پێوەندیەکی پتەو لە نێوان دەقی ئەدەبی  کە ئەویش لە چەند جۆرێکدا خۆی نواندووە.

**2ـ 1. هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی وشە و ڕستە :**

ئەم تەکنیک و هونەرە یەکێکە لە داهێنانی شێوازی لە شیعری هاوچەرخدا، مێژووی سەرهەڵدانی بۆ ساڵی 1975 بۆ قەسیدەی (کۆچ)ی شێرکۆ بێکەس دەگەڕێتەوە،کە لە ساڵی 1980دا بڵاوکرایەوە(مەحموود، 2012: 223)، ئەم شێواز و تەکنیکە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ دەرکەوتنی تۆپۆگرافیای جیاواز لە شیعری کوردیدا.

ئەم جۆرە تەکنیکە ((شاعیر شێوەی وشە لەسەر پەڕە دەگۆڕێت، بە تێکەڵاوکردن و هەڵوەشاندنەوە، یاری بە وشە دەکات)) (کاک ئەمین،2010: 78)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شاعیر وشەکان هەڵدەوەشێنێت، ئینجا ئەم هەڵوەشاندنە ئاسۆیی یاخود ستوونی بێت، ئەمەش((شاعیر شێوەیەک لە نووسین پەیڕەو دەکات، کە گۆڕانێک لە درکاندنی وشە بەرپا ناکات، بەڵکو چەمکێکی لاوەکی دەکاتە سەرباری چەمکە بنەڕەتییەکە)) (صفوی، 2018: 73) ئەمەش واتا شێوازی دەربڕینی وەک خۆیەتی، بەڵام هاوئاهەنگییەک لەگەڵ دۆخی مانای وشەکەدا نیشاندەدا.

توێژەرێک لە بارەی هەڵوەشاندنەوەوە دەڵێت: لە ناوەڕۆکی شیعری هاوچەرخدا، ئارەزوو و ویستی شاعیر، سەبارەت بە داهێنان بە گشتی و تەکنیکی هونەری هەڵوەشاندنەوە بە تایبەتی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێت، لە خولقاندنی تازەیی شیعرەکە، ئەم تەکنیکە ئەلتەرناتیڤی بەهرە و سروشت یان هۆکاری ئاواز لە خۆ دەگرێت.(مەحموود، 2012: 228)، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خواست و ویستی شاعیر ڕۆڵ دەگێرێت، لە هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکان و گونجاندنیان لەگەڵ واتاکانیان.

دەربارەی ئامانجی هەڵوەشاندنەوەو گرنگیەکەی دیارە کاتێک شاعیر وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک  لیکدەکاتەوە و هەڵدەوەشێنێت دوو بیرۆکە لای خوێنەر گەڵاڵە دەکات، سەرەتا لێکدانەوەی کەرەستە هەڵوەشاوەکە وەک کارێکی خێراو لە پێشینە، کە ئەمەش ئاوێزانی بوونی خوێنەرە لەگەڵ دەقەکە بە گشتی و بەشە هەڵوەشاوەکە بەتایبەتی، کە زۆربەی جار سەرنج و بابەتی بەنرخ و بایەخدار و وردەکارییەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، لەم ڕوانگەیەوە هەڵوەشاندنەوە دەبێتە تەکنیکێکی هاوچەرخی شیعری کوردییە و بایەخ و تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە، لە فەراهەم کردنیکەشێکی لەبار بۆ بەشداری پێکردنی خوێنەر لە دەقەکەدا0

لەهەمانکاتدا زۆرجار هەڵوەشاندنەوەو پەرتکردنی وشەو رستەو دەستەواژەکان ئاماژەیەکی واتا بەخشی هەیە، واتا واتایەکی نوێی زیادکراو لەپاڵ واتای بنەڕەتی دەگەیەنێت، ئەم هونەرەش لەلای شاعیر بایەخێکی تایبەتی پێدراوە، کە ئەمیش لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت:

آ. هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی وشە لە ئاستی ئاسۆیی:شاعیر بەمەبەست کەرەستەکانی وشە هەڵدەوەشێنێت و لە یەکتریان دووردەخاتەوە وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**ئەو لە شەوێکدا دیار نەما**

**کە ئێوە تازە خۆتان دەکردەوە**

**بەماڵدا!**

**ئیتر**

**لەو**

**شە ... وە ... وە**                    **(قەرەداغی، 2020: 162)**

وەک دەبینین شاعیر شێوازێکی جیاواز و ناوازەی پێشکەشکردووەو لە وشەی(شە...وە...وە) هەوڵی داوە شێوازی هەڵوەشاندن و لێکردنەوەی وشەکان لە ئاستی ئاسۆییدا بنەخشێنێت و ڕێژەی سپیایەتی سەر پەڕە زیاد بکات و خوێنەریش چالاک و بەشدار بکات لە لێکدانەوەی وشەکەدا.

ب. هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی وشەو ڕستە لە ئاستی ستونیدا:لە زمانی کوردیدا ڕیزکردنی کەرەستەکان بەشێوەی ئاسایی لە باری ئاسۆیی دایە، بەڵام شاعیر بە مەبەستی بەشداری پێکردنی هەستی بینین و سەرنجراکێشانی خوێنەر کەرەستەکانی وشە یاخود ڕستە لە باری ستونیدا ڕێز دەکات، لەم تەکنیکەدا دەگونجێت شاعیر وشە یاخود ڕستە هەلبوەشێنێت لە ئاستی ستوونیدا.

شاعیرش لە شیعری(فێرمینا داسا)دا کەرەستەکانی وشەی هەڵوەشاندۆتەوە و ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوە و دەڵێت:

**تاکەی**

**لەمر ڕۆیین و گەڕانەوە نەفرەتییە**

**بەردەوام بین؟**

**-ت**

**ا**

**ه**

**ە**

**ت**

**ا**

**!** **(قەرەداغی، 2020: 106)**

وەک دەبینین شاعیر دەستکارییەکی هونەریانەی تۆپۆگرافیایی کردووە و کەرەستەکانی ئەمر وشانەی هەڵوەشاندووە و لە ئاستی ستووندیا ڕیزی کردوون و تۆپۆگرافیایی جیاوازیان بەرهەمهێناوەو هاوئاهەنگییەک هەیە لەنێوان وشە هەڵوەشاوەکەو واتاکەیدا، کە (تا هەتایە)، ئەمر نەفرەتییە بەردەوام دەبێت.

هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی ڕستە وەک دەڵێت:

**لە نوێژەکانتا**

**ئەلفبێی زوبانیکی ڕووناکمر فێر کە**

**لە نوێژەکانتا**

**دوعامر**

**بۆ**

**بکە!** **(قەرەداغی، 2020: 483)**

شاعیر توانیویەتی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە وشەکان بەسەر ڕووپەڕی لاپەڕەدا دابەش بکات و تۆپۆگرافیایی جیاواز و سەرنجڕاکێش بنەخشێنێت، بە جۆرێک ڕێژەی سپیایی ناو پەڕە زیاد بکات و ئەمر نەخشاندنەش بکاتە سەرچاوەیەک بۆ ئیستاتیکای دەقەکەو لەهەمانکاتدا خوێنەریش بەشداری پێبکات لە لێکدانەوەو ڕێکخستنەوەی وشەکانداو هاوئاهەنگی و یەکانگیرییەک هەیە لە نێوان واتایی وشەکان و هەڵوەشاندنەوە و ڕیزکردنی کەرەستەکان.

**2ـ2. نووسینی پلیکانەیی یاخود پەیژەیی:**

نووسینی پلیکانەیی یاخود پەیژەیی لەمر تەکنیکە و هونەرەی تۆپۆگرافیادا شاعیر هەوڵی خستنەڕووی کەرەستەکانی وشەو ڕستە دەدات لە شێوەی پلیکانەیی، ئەمەش واتا شاعیر وێنەو تابلۆ دەکێشێت بە وشەو پێوەندی دەدۆزێتەوە لە نێوان ئەدەب و هونەردا، ئەمر جۆرە تەکنیک و ڕیزکردنەش لای شاعیر بەکارهێنانی زۆرەو دەکرێت بە پیت و دەنگەکان یان وشەو گرێکان ئەنجامبدرێت.

آ. نوسینی پەیژەیی بە پیت و دەنگەکان: وەک لەمر نموونەیەدا شاعیردەڵێت:

**خودایە شەرمر بشکێنە**

**بوێرم**

**قسەیەک هەیە**

**ب**

**ی**

**ڵ**

**ێ**

**مر!** **(قەرەداغی، 2020: 521)**

ب. نوسینی پەیژەیی بە پیت و بڕگە و ئامراز و وشە : وەک لەمر نموونەیەدا شاعیر دەڵێت:

**وەک هەورێکی سپی**

**حەیفێ تاماوین**

**هەر**

**بە**

**فەزا**

**وە**

**دە**

**بی**

**ن (قەرەداغی، 2020: 314)**

پ. نوسینی پەیژەیی بە وشە: وەک لەم نموونەیەدا دەڵێت:

**ها ئەمە وێنەکان**

**ئەمەش نامەکان**

**ئەوەش ئەشیعەکان**

**چرکەیەکەو**

**هەموو شتێ**

**تەواو (قەرەداغی، 2020: 173)**

وەک دیارە ئەم شێواز و دیمەنە کاریگەرییەکی ئیستاتیکی دروستدەکات و جموجۆڵێک بنیات دەنێت و بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی بنیاتی دەقەکەدا.

ت. نووسینی قاردرمەیی بە گرێ: وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**سێبەری زەریاچەکانم خەواند**

**لە دڵی خۆمدا..حاشام کرد**

**لە عیشق**

**لە سەفەر**

**لە ئێوە**

**لە.... (قەرەداغی، 2020: 156)**

ئەم جۆرە ڕیزکردنە شێوە پەیژەییە یەکێکە لە تەکنیکە باڵاکان، کە شاعیر بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاریهێناوە و ڕازاندنەوەی پێ ئەنجام داوە و تۆپۆگرافیایەکی سەرنجڕاکێشی پێشکەش کردووە بە جۆرێک سپیایەکی فراوان و گەورە بەرچاو دەکەوێت و ڕاستەوخۆ سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و ئاوێتەی ناو دەقەکەی دەکات.

**2ـ3. تۆپۆگرافیای هێمایی یان شێوە ئەندازەییەکان**

تۆپۆگرافیای هێمایی یان شێوە ئەندازەییەکان: ئەم جۆرە تەکنیکە لە شیعری نوێی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، کە تیایدا شاعیر لەدەقەکە وێنەیەکی جوانی هێمایی لێدروستکردووە،کە لەوبارەیەوە تویژەرێک دەڵێت: تەکنیکی ژمارەیی یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکان، کە لە هەشتاکاندا گرنگی زۆری پێدراوە و بە جۆرێک تێکەڵی خەیاڵکراوەو جوانترین وێنەی لێ دروستکراوە.(کاک ئەمین، 2010: 79)، واتا ئەمەش یەکێکە لە تەکنیکە تازەکان لە شیعری کوردیدا و شاعیرانی کوردیش توانیویانە، ئەم تەکنیکە بەکار بهێنن و دەقەکانی پێ بڕازێننەوە، وەک ئەم نموونەیە: دلاوەر قەرەداغی شاعیر هێمایەکمان بۆ دەکێشێ، کە ئاماژە و ئاراستەمان بۆ دیاریدەکات:

**تەنیاتر و**

**سەرمابردەڵەتر و**

**نائومێدترم دەکا**

**دەنووسم... لەم شارە ساردانەدا**

**بەبێ ئەوەی بزانم**

**کە نووسین**

**دەماتە دەست شارانێکی زۆر زۆر**

**لەم شارانە**

**ساردتر (قەرەداغی، 2013: 241)**

شاعیر لە دەقەدا بە هێمای ئاراستە و سەهمێکی نوک تیژ تۆپۆگرافیایی دەقەکەمان بۆ دەنەخشێنێت، کە سەرنجی خوێنەر و بینەر ڕادەکێشێت و چێژێکی تایبەت بە خوێنەر دەبەخشێت لە هەمەنکاتدا زەین و هەستی بینین بەیەکەوە دەبەستێت، واتا ناوەرۆک و مەبەستی دەقەکە، باسی نووسین دەکات لەگەڵ واتای هێما نوک تیژەکە هەمان شتە، کە چۆن ئاراستەی دەکات بۆ تەنیایی و نائومێدی زیاتر.

لە دەقێکی دیکەدا شێوەیەکی ئەندازەییمان بۆ دەکێشێت، کە سێگۆشەیەکی سەرەو بنە، وەک دەڵێت:

**هەتا ساوای بفرە کوڕم**

**هەتا سوکەڵەی**

**بفرە...کوڕم**

**بفرە (قەرەداغی، 2020: 455)**

لەم جۆرە تۆپۆگرافیایەدا هەر وێنەو دیمەنێک گوزارشت لە هێما و دلالەتێکی جیاواز دەکات، هزرو بیری خوێنەر دەهەژێنن و پرسیاری لا دروست دەکەن، واتا ئەو وێنەیە ((بەهەر شێوەو شێوازێک بێت، ئەو مەنگییە بشڵەقێنێت و هزرو هەستی خوێنەران و شاعیران ڕاچڵەکێنێ و هەرچۆنێک بێت فۆرمێکی نوێ، وشەیەکی نوێ، دەقێکی نوێ دابهێنێت))،(ڕەشید، 2007: 96)، واتا ئەم جۆرە تۆپۆگرافیایە توانای ئەوەی هەیە وروژاندن دروست بکات و لەگەڵ خوێنەر بدوێت.

**2 -4. دەستپێکردن و نووسینی دەق لە ناوەڕاستی پەڕە**

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندی و خەسڵەتە دیارەکانی ئەم شاعیرە،دەستپێکردنی دەقی شیعرییە لە ناوەڕاستی پەڕەوە بۆ کۆتایی پەڕە ئەمەش واتا دەستکاریکردن و گۆڕینی تۆپۆگرافیایە، کە پێشتر لە بەشی سەرەوەی پەڕە دەستی پێدەکرد تا کۆتایی، لێرەدا شاعیر نیوەی پەڕەکە بەسپێتی بە جێدێڵێت، پاشان دەست بە نووسینی شیعرەکەی دەکات، وەک لە شیعری (پاییزانە)دا هەر کۆپلەیەکی لە ناوەڕاستی پەڕەدا دەست پێکردووە بۆ نموونە لە شیعری (ڕەشەبا، شاعیر، شەقام)دا (قەرەداغی، 2020: 437-441)، ئەم تایبەتمەندییەی نیشانداوە.

لەم شیعرانەدا شاعیر دەستکاری تۆپۆگرافیای شیعری کردوە ڕێژەی سپیایەتی پەڕەی زیاد کردووە، لەهەمانکاتدا جوانی و ڕازاوەیەکی بە دەقەکە بەخشیوە، بە جۆرێک وشەکان وەکو ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ناو پەڕەکەدا دەدرەوشێنەوە و ڕووناکیەکیش بە دەقەکە دەبەخشن.

**2ـ5. شێوازی تۆپۆگرافیایی جیاواز و تایبەت**

ئەم شێوازە تۆپۆگرافیایە شاعیر لە ئەنجامی ئەزموون و سەلیقە و بەهرەمەندی خۆیەوە بیر لە شێواز و ستایلێکی داهێنەرانەو تازە نوێ دەکاتەوە،کە بە هۆی وشەوە ڕوخسارو فۆرمێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات،کە سیمایەکی جیاکراوەو مۆرکێکی تایبەتی هەبێت. شاعیرش چەند ستایلێکی تایبەتی هەیە لەوانە:

آ. ئەم جۆرە ستایلەی تۆپۆگرافیا بە جۆرێکە،کە بەشێک لە دێڕەکان لە سەرەوەو لە خوارەوە دەبنە شوراو چوارچێوە بۆ بەشێک لە وشەکان،کە ئەمەش شێوەیەکی ئەندازەیی ڕەنگین بە دەقەکە دەبەخشێت، لەهەمانکاتدا ئەم باوەشکردنە واتایەکی فراوان ومەبەستدار دەپێکێت، بەجۆرێک وشە لە باوەشکراوەکان مانا ومەبەستی شیعرەکە یاخود کۆپلەکە هەڵدەگرن، کە شاعیر لە شیعری(قاوەخانەی کچانی بەختەوەر) سوودی لەم تەکنیکە وەرگرتووە وەک دەڵێت:

**سەربان نەما کچەکان خەونی تێدا نەبینن**

**هاوین نەما کچەکان پڕی نەکەن لە بۆنی شیر**

**هەموو ناوە خۆشەکانیان لە خۆیان نا، کچەکان:**

**شەونم**

**شەبۆ**

**شەهلا**

**شیلان**

**شەیما**

**کچەکان**

**کتوپڕ هاتنە ناو حەکایەتەکانەوەو**

**شەوی شازادەیان پڕکرد لە دڕدۆنگی و**

**خوێن و بریقەی شمشێر (قەرەداغی، 2020: 515)**

هەروەها لە شیعرەکانی (زستان دێت) و (من گەڕیدەیەکم بەناو ئەم شارە ساردانەدا) و (سەعات پێنج دەقەی دوێ بۆ سێ)ئەم تەکنیکەی بەرجەستەکردووە.(قەرەداغی، 2020: 496، 601، 607)

ب. شێوازێکی دیکەی تۆپۆگرافیا لای شاعیر،ستایلێکی نوێ و جیاوازە،کە لە دووبارەکردنەوەی ڕستەکان بەرهەم دەهێنرێت، شێوەی ئەندازەیی جیاواز وەردەگرێت، کە توانست و شارەزایی تایبەتی خۆی پێوە دیارە، وەک لەم شیعرەدا دەڵێت:

**کۆڤان لە نائومێدی خۆیدا فڕی**

**کۆڤان یارییەکانی جێهێشتن و فڕی**

**کۆڤان جەژنەکانی جێهێشتن و فڕی**

**کۆڤان سروودەکانی جێهێشتن و فڕی**

**کۆڤان مژدەکانی جێهێشتن و فڕێ (قەرەداغی، 2020: 452)**

هەروەها لە شیعرەکانی (ئەو دار شەقانەی ڕۆژانێ باڵ بوون)و (غەدر)و (لە چوالە عاشقتر)و (ماڵەکان) (قەرەداغی، 2020: 216، 343، 406، 426). ئەم ستایلەی بەرجەستەکردووە.

**2ـ6. بەجێهێشتنی بۆشایی لە ناوەڕاستی دێڕ یان لە کۆتایی دێڕدا**

لەم جۆرە تۆپۆگرافیایەدا شاعیر بەمەبەست بۆشایی لە ناوەڕاستی دێڕ بەجێ دەهێڵێت، بەشێوەی چەند خاڵێک ... شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت هێشتا شت ماوە بۆ وتن، بەشێک ئەوەیە، کە دیارە و بینراوە بەشەکەی دیکە نەبینراوەو نەگوتراوە، پێکهاتە و سروشتی شیعریش وایە هەمیشە هەندێ لایەن بە شاراوایی و نادیاری دەهێڵێتەوە، خوێنەریش هەمیشە بەپێی تواناو ئاستی ڕۆشنبیری خۆی هەوڵی دۆزینەوەو پڕکردنەوەی واتا شاراوە و نەبینراوەکە دەدات؛ بۆیە لەو بارەیەوە مالارمێ دەبارەی بۆشایی نێوان برگە شیعرییەکان دەڵێت:((بێ دەنگییەکە پڕە لە واتا، جوانییەکەی کەمتر نییە لەهەمان برگە شیعرییەکانی دیکە، لەبەرئەوەی دەکرێ بنەمای هزری شیعرەکە خۆی ون بکات، بەڵام بە کارایی لە بۆشاییانە دەردەکەوێت، کە برگە شیعرییەکان سپییەتی لاپەڕە لە یەکتر جیا دەکاتەوە))(عوسمان، 2009: 64)، واتا ئەم بۆشاییە واتایەکی هەڵگرتووە، کە دەکرێت بڵێین کرۆک و ڕەمزی شیعرەکەیەو لە بۆشاییەکەدا خۆی نمایش دەکات.

وەک لەم شیعرەدا دەڵێت:

**هیچ نەماوە ... هیچ**

**نە پارە، نە ئاڵتوون، نە پێڵاو**

**کە دەگەین**

**هیچ نەماوە ... هیچ**

**نە خۆشەویستی، نە شیعر، نە ئاو**

**کە دەگەین**

**هیچ نامێنێ ... هیچ**

**هیچ نەماوە ... هیچ**

**هیچ نەمابوو ... هیچ**

**لێرەبە ... سەدەیەکی تر دێمەوە (قەرەداغی، 2020: 78)**

**یان لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:**

**لە ژێر خۆری پەمەیی ئەم گومانەدا**

**ژنێک خەریکی بنێشت جووینە و**

**بە پەنجەکانی شتێک دەژمێرێ**

**یەک ... دوو ... دە**

**نەوەد ... سەد**

**لەوێدا**

**ڕاوچییەکان نیشانە دەگرنەوە**

**منداڵان پێدەکەنن (قەرەداغی، 2020: 84)**

دیارە بەمەبەستی زانینی ئاست و جۆرەکانی بەکارهێنانی تۆپۆگرافیا لای شاعیر لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەخشتەیەک ئامارەکانی نیشاندنی ئەم تەکنیکانە لە کۆی دیوانەکەیدا بخەمە ڕوو، کە بەرچاو ڕوونییەکی باشمان دەداتێ.

| ژ | جۆری تۆپۆگرافیا | ژ.شوێن | ناونیشانی دەقەکان |
|---|---|---|---|
| 1 | کۆی کەرستەکانی هەڵوەشاندنەوە | 20 | |
| آ | هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی وشە لە باری ئاسۆیی | 1 | ڕەشنووسی تەیرەکانی ئیسماعیل. |
| ب | هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی وشە لە باری ستوونی بە لاری | 10 | باوکە پەنجەرەکە بکەوە قسەیەک لە دڵمدا ماوە دەیلێم، ڕەنگی هەتاو، زەریا من قسەیەکم هەیە، دەچمەوە بۆ کۆڵانی پاییز، ... |
| پ | هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی ڕستە لە باری ستوونی بەلاری | 9 | ئەو دارشەقانەی کە ڕۆژانێ باڵبوون، سەعات کرێوەی عەسرێک، شیرینترین تامی بەرسیلەم، پیکابێکی باغە بە جادەی خۆڵی مناڵییەوە، دەچمەوە بۆ کۆڵانی پاییز، ... |
| 2 | کۆی نووسین بە شێوەی پەیژەیی | 39 | |
| آ | نووسینی پەیژەیی بە پیت و دەنگ | 8 | فێرمینا داسا، لەدایکم ڕەشبینتر، ڕەنگی هەتاو، من خوێنی باڵندەیەکم لەبەر دەڕوا، هەزار نیشتیمان و یەک غەریبی، ... |
| ب | نووسینی پەیژەیی بە وشە | 15 | شیرینترین تامی بەرسیلەم، نازانم هەست دەکەی یان نا کە چ تایەکی گەرممە!، شەهیدەکان ماڵیان لە شووشەیە بەرد ناگرنە ماڵی کەس، لە نوێژەکانتا دوعام بۆ بکە، دەستێکم لەنێو دەستی دایکمدا، دەستێکم ڕاکشاو لەبەر هەتاو، پیکابێکی باغە بە جادەی خۆڵی مناڵییەوە، هەندێ ڕۆژ ... |
| پ | نووسینی پەیژەیی بە گرێ | 2 | پەیکەرێک لە باران، ڕەشنووسی تەیرەکانی ئیسماعیل. |
| ت | نووسینی پەیژەیی بە ڕستە | 11 | باخێ باروت، نەختێ ئاسمان و کەمێک درەخت، زەریا من قسەیەکم هەیە، پیکابێکی باغە بە جادەی خۆڵی مناڵییەوە، جادەی مێخەک، من گەڕیدەیەکم بە ناو ئەم شارە ساردانەدا ... |
| ج | نووسینی پەیژەیی بە تێکەڵی دەنگ و پیت و ئامرزاز و وشە. | 3 | کۆڵان، ڕەشنووسی تەیرەکانی ئیسماعیل، قسەیەک بە بۆیەی پاستیل. |
| 3 | کۆی نووسینی هێمایی | 5 | کۆڤان، ڕەشنووسی تەیرەکانی ئیسماعیل، قسەیەک بە بۆیەی پاستیل، مێرگێک مینرێژکراو بە دڵ، پیکابێکی باغە بە جادەی خۆڵی مناڵییەوە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 4 | کۆی نووسینی دەق لە ناوەڕاستی پەڕەی نووسین | 3 | پاییزانە(ڕەشەبا، شاعیر، شەقام). |
| 5 | کۆی نووسینی جیاواز | 89 | |
| آ | نووسینی جیاواز بە شێوەی شورا | 24 | قاوەخانەی کچانی بەختەوەر، غەدر، تا هەناسە بڕکا قوڵایی، ئەو دارشەقانەی کە ڕۆژانێ باڵ بوون، قسەیەک بە بۆیەی پاستیل، ڕەنگی هەتاو، من لە باخچەدا پیر دەبم، گۆرانی نائومێدان، شار، نازانم هەست دەکەی یان نا کە چ تایەکی گەرممە! زستان دێت، هەیوانی تەنیایی، ... |
| ب | نووسینی جیاواز بە دووبارەکردنەوەی ڕستە | 65 | چاوتروکانێکدا سەری وڵاتم سپی بوو، وەک ترپەی گەیینی قۆخێ، وەک خەیاڵکردنەوەی چۆڵەکەیەک لە فڕین، لای فولکەی سێوە مزرەکانەوە، لە چواڵە عاشقتر، وەک چۆلەکەیەکی دایکە ... زیزم، ... |
| 6 | بە جێهێشتنی بۆشایی و دانانی سێ خاڵ لە ناوەڕاست یان کۆتایی ڕستە | 106 | ئەو گوندە، ناخودا، پەیکەرێک لە باران، وەک ئاو ڕووت و قوت، فێرمینا داسا، شەڕ و ئاشتی، تا هەناسە بڕکا قوڵایی، لە چاوتروکانێکدا سەری وڵاتم سپی بوو، لەدایکم ڕەشبینتر، وژەی باڵی با، ڕەشنووسی تەیرەکانی ئیسماعیل، باوکە پەنجەرەکە بکەوە قسەیەک لە دڵمدا ماوە دەیڵێم، .... |
| سەرجەمی تۆپۆگرافیا جیاوازەکان | | 162 | |

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم خشتەیەی سەرەوە دەبینین شاعیر بە شێوەیەکی بەرفراوان تۆپۆگرافیایی جیاوازی بەکارهێناوە، بە چەشنێک کۆی کەرەستە هەڵوەشاوەکانی بریتییەلە(20) کەرەستە، کە ئەوانیش دابەشی سێ گرووپ بوون، گروپی یەکەم هەڵوەشندنەوەی کەرەستەکانی وشە لە باری ئاسۆی تەنها(1) کەرەستەیە و ئەمەش کەمترینە هەڵوەشاندنەوەی کەرەستکانی وشە لەباری ستوونی بەلاری بریتییە لە(10) کەرەستە، هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی ڕستە لەباری ستوونی بەلاری بریتییە لە(9) کەرەستە.

لەلایەکی دیکەوە کۆی نووسین بە شێوەی پەیژەیی بریتییە لە(39) کەرەستە، کە دابەشی (4) جۆر بووە، کەتیایدا نووسینی پەیژەیی بە وشە زۆرترینە و بریتییە لە(15) کەرەستە، دواتر نووسینی پەیژەیی بە ڕستە(11) کەرەستەیە و پاشان نووسین بە تێکەڵی وشە و ڕستە و گرێ(3) کەرەستەیە و پاشان کەمترینی بریتییە لە نووسینی پەیژەیی بە گرێ، کە(2) دانەیە.

دواتر کۆی نووسین بە شێوەی نیشانە و هێمای جیاواز بریتییە لە(5) کەرەستە و پاشان ئەو دەقانەی کە لەناوەڕاستی پەڕەی نووسینەوە دەستی پێکردووە، بریتییە لە(3) دەق.

پاشان کۆی نووسین بە شێوەی جیاواز بریتییە لە(89) شوێن، کە تیایدا نووسین بە شێوەی شورا (24) کەرەستەیە و نووسین لەڕێگەی دووبارەکردنەوەوە لە (65) دەقدا نووسینی جیاوازی بەهەم هێناوە،

هەروەها لە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانیدا زۆرترین بۆشایی بەجێهێشتووە، لە(106) دەقدا جێبەجێی کردووە، ئەمەش واتا زۆر شتی ماوە بۆ وتن، کە لە ڕێگەی بۆشاییەکەوە بۆ خوێنەری بە جێ هێشتووە،کە ئەمەش پێوەندی بەدەروونی شاعیرەوە هەیە بە هەرهۆکارێک بێت نەیویستووەو نەینووسیون، لەم ڕێگەیەشەوە تۆپۆگرافیای جیاوازی نەخشاندووە.

## ئەنجامەکان

1. شاعیر هۆشیارانە و بەهرەمەندانە تۆپۆگرافیایی جیاواز و هەمەڕەنگی هەڵبژاردووە به شێوەیەک لە ڕووی ئیستاتیکییەوە سەرنجراکێش و جوانن لە هەمانکاتدا تۆپۆگرافیایی دەقەکانی شاعیر بەشێکی دانەبڕاوو پەیوەستن بەبنیاتی هونەری دەقەکەو تۆپۆگرافیاکان ئامادەبوونێکی دروست و بەردەوامیان لەناو دەقەکەدا هەیە، بە چەشنێک هاوئاهەنگ و تەواوکەر و یارمەتی دەری دەقەکەن لە تەواوکردن و تۆکمەکردنی واتاکەیدا.
2. بەهرەمەندی شاعیر لە بەرجەستەکردنی تۆپۆگرافیای جیاواز و هەمەڕەنگدا بە چەشنێکە کۆی کەرەستە هەڵوەشاوەکانی بریتییەلە(20) کەرەستە، کە هەڵوەشندنەوەی کەرەستەکانی وشە لە باری ئاسۆی تەنها (1) کەرەستەیە و ئەمەش کەمترینە، لەکاتێکدا هەڵوەشاندنەوەی کەرەستەکانی وشە، لەباری ستوونی (10) کەرەستەیە و ڕستەش(9) کەرەستە.
3. ئەنجامێکی دیکەی تۆپۆگرافیا بە شێوەی پەیژەیی بریتییە لە(39) کەرەستە، کە تیایدا نووسینی پەیژەیی بە وشە زۆرترینە و (15) کەرەستەیە و دواتر نووسینی پەیژەیی بە ڕستە(11) کەرەستەیە و پاشان کەمترین بەکارهێنانی نووسینی پەیژەییە بە گرێ (2) کەرەستەیە.
4. تۆپۆگرافیا لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا وەک داهێنان و بنەما و پێوەرێکی شیعری نوێ و هاوچەرخ پەیوەستکراوە، دلاوەر قەرەداغیش وەک شاعیرێکی هاوچەرخ ئەم بنەما هونەرییەی بەکاربردووە، بە چەشنێک بەکارهێنانی تۆپۆگرافیا وەک هێما و نیشانەی جیاواز و شێوەی ئەندازەیی بریتییە لە(5) کەرەستە و پاشان ئەو دەقانەی کە لەناوەڕاستی پەڕەی نووسینەوە دەستی پێکردووە، (3) دەقە.
5. لە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانیدا زۆرترین بۆشایی بەجێهێشتووە، بەچەشنێک لە (106) دەقدا جێبەجێی کردووە، ئەمەش واتا زۆر شتی ماوە بۆ وتن، کە لە ڕێگەی بۆشاییەکەوە بۆ خوێنەری بە جێ هێشتووە.

## سەرچاوەکان


- ئەحمەد، سافیە محەمەد(2013)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- الرواشدة، أميمة(2005)، شعرية الأنزياح، دراسة في شعر محمد علي شمس الدين، منشورات أمانة عمان الكبرى، عمان.
- بەرزنجی، عەبدوڵلا تاهیر(1994)، جوگرافیای دەق و ئامادەبوون و دیارنەبوونی ڕەش و سپێتی، گ. کاروان، ژمارە(12)، خولی ڕاپەڕین.
- بەرزنجی، عەبدوڵلا تاهیر(1999)، دەقی بینینکاری و خوێندنەوەی، گ. گەلاوێژی نوێ، ژ.(12-13).
- پیربال، فەرهاد(1996)، تۆپۆگرافیای تێکستی شیعر، گ. ڕامان (تێرامان)، ژمارە(1).
- پیربال، فەرهاد(2005)، شیعری نوێی کوردی( 1898 – 1958 )،چاپی یەکەم،چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای کوردستان، هەولێر.
- حسێن، جەبار ئەحمەد(2008)، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی-کوردستانی عێراق(1950-1970)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حوسێن، هیمداد(2007)، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- دەشتی، عثمان حمد خضر و سعید، زاهیر اسماعیل (2017)، شیعری وێنەیی و تەکنیکی نوێ لای قوبادی جەلیزادە، گ. زانکۆی کۆیە، ژ.(44).
- ڕەشید، فوئاد(2007)، دەقی ئەدەبی ئەدگار. چێژ. بەها، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- شەوڕۆ فازیل(2015)، خوێندنەوەیەك بۆ دوو کتێب لە یەك کتێبدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- صفوی، کورش(2018)، لەزمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات،و:عوسمان دەشتی، ب.یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- عبدالله، پەروین(2006)، شیعری وێنەیی، گ. شیعر، ژ. 2، هەولێر.
- عوسمان، کەژاڵ عەبدولقادر(2009)، بنیاتی شوێن لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا دەقەکانی (دلاوەر قەرەداغی و کەژاڵ ئیبراهیم خدر) وەک نموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- قەرەداغی، دلاوەر(2020)، لێرەو لەوێ باران دووراو دوور هەتاو، چاپخانەی تاران.
- کاک ئەمین، حوسێن غازی(2008)، نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە ساڵی 1932 تا کۆتایی 1949 لە کوردستانی عێراقدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- کاک ئەمین، حوسێن غازی(2010)، ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان لە ساڵانی (1980-1991)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مەنتک، حەمە(2011)، سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، چاپخانەی ئاراس هەولێر.

## الطوبوغرافية الشعرية فى النصوص دلاوەر قرداغي

**محەمەد ئیبراهیم حەمە**
قسم اللغة الكوردية- كلية التربية _ ڕاپەڕین
mohammed.ibrahim.kar@gmail.com

**هیمداد حوسێن بەکر**
قسم اللغة الكوردية- كلية التربية _ جامعة صلاح الدين-أربيل
hemdad.bakir@su.edu.krdm

**ملخص**

هذا البحث الموسوم ب(الطوبوغرافية الشعرية فى النصوص دلاوەر قرداغي) هذا البحث في الأساس مستنبط من رسالة ماجستير، فمن المعلوم الطوبوغرافية كأحد ركائز الشعر لها دور كبير في بنية النص الادبى فى الشعر المعاصر، الطوبوغرافية كأهم الأركان نادرآ مايجري فيه البحث، لذلک هذا البحث جهد متواظع للتعرف على الطوبوغرافية وانواعها في أشعار(دلاوەر قرداغي) وفي الإستنتاج حدد مستوى استعمال وتجسيد الطوبوغرافية من حيث الكمية والنوعية عند الشاعر دلاوەر قرداغي.

هذا البحث متكون من فصلين، فالفصل الأول ينقسم على مبحثين، المبحث الأول يتناول مفهوم ومصطلح الطبوغرافيا، وفي المبحث الثاني عرض خصائص الطبوغرافيا، ثم الفصل الثاني يتضمن تطبيق أنواع الطبوغرافية في أشعار دلاوەر قرداغي، وختم هذا البحث بمجموعة من النتائج.

**مفتاح الكلمات:** الطوبوغرافية الشعرية، مميزات الطبوغرافية، نص شعرى، دلاوەر قرداغي

## Poetic Topography in Dlawar Qaradaghi's texts

**Hemdad Husen Baker**
Department of Kurdish - College of education /salahaddin University-Erbil
hemdad.bakir@su.edu.krd

**Muhammed Ibrahim Hama**
College of education Raparen University- Kurdish Language
mohammed.ibrahim.kar@gmail.com

**Abstract**

This study is entitled "Poetic Topography in Dlawar Qaradaghi's texts" which is basically extracted from a master thesis. It is obvious that topography, as an artistic principle of poetry, plays a central role in structuring poetic texts in the modern poetry. And, relatively, this significant artistic principle has not received research attention, therefore, the current study is an attempt to identify and illustrate topography and its types in Dlawar Qaradaghi's poetries. The study tries to demonstrate the level of usage and depiction of topography in terms of quantity and quality.

**Keywords:** topography, properties topography, poetic text, Dlawar Qaradaghi.